## وتوویژ لەگەڵ: ئەبوبەکر عەلی



ئەندامی مەکتەبی سیاسیی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

**"پێموایە دیموکراسی یەکێکە لە دەسکەوتە مەزنەکانی مرۆڤایەتی و تاکە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیشە کە تاکو ئێستا توانیبێتی سنوورێک بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و توندوتیژی لە کایەی سیاسەت و سەرکوتکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەفیرعەونکردنی دەوڵەت دابنێت"**

**- لەسەر یەک پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان چۆن دەنرخێنن؟**

**وەڵام:** بێگومان کورد دەمێکە خەون بەوەوە دەبینێ، قەوارەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەبێ و لە (امتیاز)ەکانی خۆبەڕێوەبردنی سیاسی بەهرەمەند بێت. ئێستاش ئەو خەونە ئەگەرچی نەگەییشتۆتە ئاستی دامەزراندنی دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆ، تاڕادەیەک و لە فۆرمی هەرێمێکی ناو قەوارەیەکی فیدراڵدا بەدیهاتووە. لەم نێوەندەشدا مافی دەستووریی خۆمانە وەکو گەلی هەرێم کە دەستووری تایبەت بە خۆمان هەبێت. هەرچی پەیوەستیشە بە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمەکەوە، دەبێت لە زیاتر لە گۆشە نیگایەکەوە سەیری بکەین و بیخوێنینەوە. لە هەندی ڕووەوە و بەشێوەیەکی گشتی، دەستورەکە ئاستی لە دیموکراسی و ماف و ئازادییە گشتییەکان دابین دەکات و مافی مێژوویی گەلی کوردستانیش لە نیشتمانە مێژووییەکەیدا دەپارێزێ و لەهەمان کاتدا واقیعییەتی سیاسی پشت گوێ ناخات.

بەڵام لە هەندێ ڕووی ترەوە، ڕەشنووسەکە تێبینی لەسەرە و دەبێت ئەو تێبینیانە بەهەند وەربگیرێن. هەربۆیە نابێ مامەڵەی دەستووری عێراقی لەگەڵدا بکەین و هەندێ دەرفەت بقۆزرێتەوە بۆ پەسەندکردنی بە هەر نرخێ بووە. چونکە ئێمە لە ئاستی عێراقدا مەسەلەکە پەیوەست بووە بە مافە نەتەوەیییەکانمانەوە و گەر دەرفەتی لاوازی بەرامبەرەکانیش نەقۆزرایەتەوە، ئاسان نەبوو دەستووری عێراق بەم جۆرەی ئێستا و بەو ماف و دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستانی داوە، پەسەند بکرێت. مەسەلەکە سەبارەت بە کوردستان و دەستوورەکەی جیاوازە.

دەبێت دەستووری هەرێمی کوردستان ئاماژە بێت بە چوونە نێو قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی و بەکردەوە ئەو گرێبەستە مەدەنییە بێت، کە لە

فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخدا خراوەتە ڕوو. ڕوویەکی وەزیفەی دەستووریش لە سایەی ئەو تێگەییشتنە، دروستکردنی کۆدەنگییەکی نیشتمانییە لەسەر مەسەلە جەوهەرییەکان و پاراستنی کۆمەڵگایە لە دابەشبوون و کەرتبوون و ناکۆکی توندوتیژ و هەژێنەر. ئەو وەزیفەیەش بەو ئەنجامدەدرێت کە دەستوور جێی ناکۆکیی هێزەکان نەبێت. چونکە مەرجێکە و دەبێت لایەنەکانی ناکۆکی و کێشەکان بەمەبەستی چارەسەکردنی کێشەی نێوانیان بگەڕێنەوە بۆ ئەو.

مەرجەعیش کاتێ دەتوانێ ئەم ئەرکە ئەنجام بدات، کە خۆی جێگای ناکۆکی نەبێت. چونکە ئەگەر مەرجەع جێگای ناکۆکیی سیاسی بوو بەتایبەتی لەناو گەلێکی وەکو گەلی ئێمەدا، ڕەنگە ئەو ڕۆڵەی نەبینێ کە لێی چاوەڕوان دەکرێت و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی لە هەندێ ئاستدا دەگۆڕێت بە ئاڵوگۆڕی سیستەم، کە ئەوەش جەوهەری کێشەی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە و پێنەگەییشتنی ئەزموونی دیموکراسی و لاوازیی ڕۆشنبیری نیشتمانی و دامەزراوە دەستوورییەکان و دەوڵەتی مەدەنیی هاوچەرخە.

**- ماددەی 6 باس لەوە دەکات کە (بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسادانانن و نابێ:**

**یەکەم: یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام.**

**دووەم: یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی.**

**سێیەم: یاسایەک دابندرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتییانەی لەم دەستوورەدا هاتوون.)**

**پرسیار: ئایا دیموکراسی و ئیسلام ناکۆک بەیەک نین؟**

**وەڵام:** پێموایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە نابێت لەسەر ئاستی ئیسلام وەڵام بدرێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەو وەڵامە لەسەر ئاستی فکری ئیسلامی بێت.

ئەم دەقە کە لەبەرگیراوەی دەستووری عێراقە و ئاماژەیە بە هاتنە ناوەوەی مۆدێلێکی نوێی حکومڕانی ئیسلامی و دەتوانرێت بە دیموکراسی ئیسلامی ناوببرێت و تاڕادەیەکی بەرچاویش ڕەنگدانەوەی نەخشەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی کۆمەڵگەیە، کە هێزە ئیسلامی و لائیکەکان لەپاڵ یەکەوە ئامادەگی سیاسی و فکریان هەیە. بەم ماددە، سیستم دەبێتە سیستمێکی هاوبەش و نوێ و دەستووریش دەکات بە عەقدێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەل و دەسەڵاتداراندا.

سەبارەت بە ناکۆکی نێوان ئیسلام و دیموکراسی سەرەتا دەبێت بڵێین، لە ڕوانگەی داڕێژەری دەقەکانەوە، واتە یاسادانەر و ئەو دەزگایەی دەقی ڕەشنووسەکەی نووسیوە، ناکۆکی لە نێوان ئیسلام و دیموکراسیدا نییە. یا بە واتایەکی تر ئەو تێگەییشتنە لە ئیسلام قبوڵە کە دژ بە بنەماکانی دیموکراسی نەبێ و بەهاکانی ڕەتنەکاتەوە، کە ئەویش یەکسانە بەدیموکراتیزەکردنی فکری ئیسلامیی هاوچەرخ و وەلانانی هەموو ئەو لێکدانەوە حەرفی و سەلەفی و مێژووگەراییانەی توانای هەڵکردنیان لەگەڵ سیستمێکی دیموکراسیدا نییە.

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین هەڵکردن و هەڵنەکردنی ئیسلام و دیموکراسی پەیوەندی بە فکری گرووپ و تەوژم و قوتابخانە فکرییە ئیسلامییەکانەوە هەیە. فکری هەندێ گروپ و قوتابخانە پێیان وایە، ئیسلام ئایینێکی هەمەلایەنەی

خواییه و پێویستی به خواستن له هیچ سیستەمێکی تر نییه و دیموکراسیش هاوردەکراوێکی دەرەکییه و لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێت. هەشە پێی وایە دیموکراسی کۆمەڵێ میکانیزمی هاوچەرخە بۆ ئیدارەکردنی ژیانی سیاسی و دەسەڵات و لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆک نییه.

پێشموایە دوارۆژی ئامادەگی سیاسیی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و وڵاتانی ئیسلامیش پەیوەستە بەوەوە، کە تا چەند باوەش بۆ لیبرالیزمی سیاسی و دیموکراسی دەکرێتەوە و لە چوارچێوەی دیموکراسیشدا نەبێت، هیچ ئەزموونێکی ئیسلامیی هاوچەرخ شانسی گەشەکردن و سەرنجراکێشانی نابێت.

هەرچی پەیوەستە بە تێڕوانینی شەخسی خۆیشم، پێموایە دیموکراسی یەکێکە لە دەسکەوتە مەزنەکانی مرۆڤایەتی و تاکە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیشە تاکو ئێستا توانیبێتی سنوورێک بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و توندوتیژی لە کایەی سیاسەت و سەرکوتکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەفیرعەونکردنی دەوڵەت دابنێت.

پەیوەندی نێوان دین و سیاسەتیش، لەسەر ئاستی بەهاکاندا سەیری دەکەم، نەک ئەحکامەکان. لەو ئاستەشدا نەک هیچ ناکۆکییەک لە نێوان ئیسلام و دیموکراسییدا نابینم، بەڵکو پێموایە بەها ئیسلامییە گەردوونییەکانی وەک: دادپەروەری، ستەمدژی، کەرامەتپارێزی، لێبوردەیی، هەژارپەروەری.....هتد ئامێزێکی بەپێی گەشەکردنی دیموکراسین، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا و لەو سۆنگەوە کە ئیسلام و ئایین لەناو ژیانی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا گۆڕاوە بە کولتوور، دەبێت بانگەشەکارانی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا لەوانەش لەو وڵاتەی ئێمەدا، رەچاوی ئەو دۆخە بکەن و رووە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی لیبرالیزم لە یەکتر جیا بکەنەوە و رێز لە شوناسی ئیسلامیی کۆمەڵگە بگرن و دیموکراسی لە بەرگی ئایدیۆلۆژیایەکی دژە ئیسلامیدا نەخەنە روو. چونکە دیموکراسی لە خودی خۆیدا ناکرێت لە دژی ئاینێکی دیاریکراو بێت و بەسیفەتی ئەوەی ئاوێنەیەکە بۆ رەنگدانەوەی خواستی تاکەکان.

گەر لە پیادەکردنی دیموکراسیدا رەچاوی ئەم مەسەلانە کرا، ناوەڕۆکێکی نەرمتر و واقیعیش بە عەلمانییەت دەدرێت و عەلمانییەتێکی میانەڕەو دێتەکایەوە، کە لە بیری ئەوەی شەڕی لەگەڵ ئاینی کۆمەڵگادا هەبێت، فشار دەخاتە سەر فکری ئیسلامی بۆ ئەوەی خۆی زیاتر بکاتەوە و دەبێت بە ناوی دووەمی دیموکراسی، بەم جۆرەش لە کۆڵ فۆتۆکۆپیکردنی کوێرانە دەبینەوە و زەمینەی سەقامگیریی سیاسی و تەبایی کۆمەڵایەتی بەهێزتر دەکەین و دەرگا بەڕووی وەرزێکی پڕ لە دەسکەوت و خۆشگوزەرانی و ئازادیدا دەکەینەوە.

**- حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام کامانەن؟**

**وەڵام:** بە بڕوای من حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام حەڵاڵ و حەرامە قەتعییەکانن. بەڵام پێموایە رێککەوتنێکی هەمەلایەنەش لە نێوان زانا و ئاراستە فکرییە ئیسلامییەکاندا، بۆ دیاریکردنی (چەسپاو)ەکانی ئیسلام نەبێت، هەندێکیان هەندێ مەسەلە بە چەسپاوی دەزانن و لە کاتێکدا هەندێکی تریان بەو جۆرەی نابینن.

ئەوەندەی من لە بازنەی فەلسەفەی سیاسی و یاسای دەستوری ئیسلامناسیشدا خوێندنەوەم هەبووبێت، بۆ دەقێکی وەک دەستوور، راستترە بوترێت بەها ئیسلامییە باڵاکان، چونکە بەهاکان

گەردوونی و نەگۆڕن و ئەحکامان جگە لە هەندێ حەڵاڵ و حەرام، قابیلی لێکدانەوە و ماناپێدانی نوێن و هەندێکیشیان مێژوویین و دەکەونە ژێر کاریگەری گەشەکردنی رەوتی ژیانەوە.

**- کێ یان چ کەسانێک لە پەرلەماندا بڕیاردەدەن، کە بڕیارێکی پەسندکراو لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا یەک ناگرێتەوە یان یەک دەگرێتەوە؟**

**وەڵام:** پێموایە ئەمە لە عێراقدا بەو جۆرە چارەسەریان بۆ دۆزیوەتەوە کە ئەگەر (طعن)ێکی لەو جۆرە هەبوو، مەسەلەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ دادگای باڵای فیدراڵی، کە ئەرکی لێکدانەوەی دەقەکانی دەستووری لە ئەستۆدایە. هەر لەو سۆنگەشەوە هەندێ شەرعناسیان کردووە بە ئەندامی دادگای ناوبراو. لە کوردستانیشدا ئەگەر شتێکی لەو جۆرە روویدا، دەبێت دادگای تەمیز یاخود هەر دادگایەکی تر کە ئەرکی لێکدانەوەی دەقەکانی دەستووری هەرێمی کوردستانی دەکەوێتە ئەستۆ، کێشەکە یەکلایی دەکەنەوە و هەڵوێستی دەستوریی دیاری دەکەن.

**- لە ماددەی 30ی پرۆژەی دەستووردا هاتووە: (یەکەم: نابێ حوکمەکانی باری کەسێتیی پەیڕەوانی ئاینێک لەسەر پەیڕەوانی ئاینێکی دیکەدا بسەپێندرێن.**

**دووەم: پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی نا موسڵمان وەک مەسیحی و ئێزدییەکان و ئەوانی دی، بۆیان هەیە ئەنجومەنی ئایینی خۆیان دابمەزرێنن و پەیڕەوی لە حکومەکانی تایبەت بە باری کەسێتیان بکەن کە بە یاسا دیار دەکرێن و دادگای ماددە کەسییەکانیش لێیان دەڕوانێ و حوکمەکانی ئەم یاسایانەی پێوەندیان بە ماددە کەسییەکانی ئەوانەوە هەیە، هەتا بە یاسایەک هەمواردەکرێن، یان هەڵدەوەشێندرێنەوە، کاریان پێ دەکرێت.)**

**- پرسیار: ئایا ئەگەر پیاوێکی مەسیحی لەگەڵ ژنێک کە بەدین مسوڵمانە، زەماوەند بکات، یان دوایی جیا بێتەوە، ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

**وەڵام:** لە یاسای باری کەسێتی ئێمەدا، بە پێڕەوکردن لە فقهی ئیسلامی، ژنی مسوڵمان بۆی نییە شوو بە پیاوی مەسیحی بکات، بەڵام پیاوی مسوڵمان دەتوانێت ژنی مەسیحی بێنێت. لەو کاتەشدا ئەگەر کێشەیەک کەوتە نێوانیانەوە، بە گوێرەی یاسا پێڕەوکراوەکانی ئێستای عێراق، کێشەکە لەبەردەم دادگای باری کەسێتیی مسوڵمانان یەکلایی دەکرێتەوە، ئەگەر هەردوولای کێشەکە نامسوڵمان بوون، ئەو کاتە بە گوێرەی یاسای مەدەنیی یاخود ئەو یاسا باری کەسێتییانەی تایبەت بەوان کە لە ئاییندەدا دێنە دەرکردن، ئەو مەسەلانە چارەسەر و یەکلایی دەکرێنەوە.